# Global Storybooks

globalstorybooks.net

## نوزیبیڵە و سێ تاڵە موو

Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin

This work is licensed under a Creative Commons Attribution 3.0 International License.
https://creativecommons.org/licenses/by/3.0

# نوزیبیڵە و سێ تاڵە موو



Tessa Welch
Wiehan de Jager
Agri Afshin

3

کوردی ckb



له سەردەمانی زوو، سێ کچ چووبوونە دەرەوە بۆ دارکۆکردنەوە.



ئەوکات سەگەکە تێگەیشت کە نوزیبلە فێڵی لێ کردووە. تەواوی ئەو ڕێگایەی بۆ گوندەکە دەچوو بە غاردان بڕی. بەڵام براکانی نوزیبێلە بە گۆپاڵی گەورە چاوەڕێیان دەکرد. سەگەکە گەڕایەوە و هەڵات و ئیتر دووبارە کەس نەیدیتۆتەوە.





ڕۆژێکی زۆر گەرم بوو، بۆیە چوونە دەم ڕووبارەکە بۆ مەلەکردن. ئەوان یارییان کرد و شەڕەئاو و مەلەیان کرد.



لەناکاو بە پێیان زانی کە کات درەنگ بووە، بۆیە خێرا گەڕانەوە بۆ گوندەکەیان.





کاتێ سەگەکە گەڕایەوە، بە دوای نوزیبیێلە دا گەڕا. بانگی کرد: "نوزیبیێلە، تۆ لە کوێی؟" تاڵە مووی یەکەم گوتی: "ئەوەتام لەژێر تەختەخەوەکە." تاڵە مووی دووەم گوتی: "ئەوەتام لە پشت دەرگاکە." و تاڵە مووی سێهەم گوتی: "ئەوەتام لە حەوشەکە."



کاتێك لە ماڵ نزیك بوونەوە، نوزیبێلە دەستی بۆ ملی برد. ئەو ملوانەکەی لەبیر چووبوو، بۆیە لە دەستەخوشکەکانی پاڕایەوە: "تکایە لە گەڵم بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ملوانکەکە بهێنمەوە." بەڵام هاوڕێکانی گوتیان تازە زۆر درەنگە.





هەر دوای ئەوەی کە سەگەکە ڕۆیشت، نوزیبێلە سێ تاڵە مووی لە سەری خۆی کردەوە. ئەو تاڵێکی لەژێر تەختە خەوەکە دانا و تاڵێکی دیکەش لە پشت دەرگاکە و تاڵەکەی دیکەشی لە حەوشەکە دانا. دواتر زۆر بە خێرایی گەڕایەوە ماڵەوە.



بۆیە نوزیبیێلە بە تەنیا بۆ دەم ڕووبارەکە گەڕایەوە. ملوانکەکەی دۆزییەوە و بە پەلە بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، بەڵام لە بەر تاریکی ڕێگای لێ ون بوو.





نوزیبیێلە هەموو ڕۆژێ ناچار بوو کە خواردن بۆ سەگەکە دروست بکا و ناوماڵەکەی گەسک بدات و خاوێن بکاتەوە. ڕۆژێکیان سەگەکە گوتی: “نوزیبیێلە، من ئەمڕۆ دەبێ بچم سەردانی چەند هاوڕێیەکم بکەم. ماڵەکە گەسك بدە، خاوێنی بکەوە وخواردن دروست بکە پێش ئەوەی بگەڕێمەوە.”



له دوورەوە ڕووناکلاییەکی لە کۆخێکەوە بینی. ئەو بەرەو کۆخەکە ڕایکردو لە دەرگای دا.






دواتر سەگەکە گوتی: "جێگام بۆ ڕاخە!" نوزیبێلە گوتی: "من هەرگیز جێگای خەوم بۆ سەگ ڕانەخستووە." سەگەکە گوتی: "جێگای خەوەکەم بۆ ڕاخە دەنا دەتگەزم!" بۆیە نوزیبێلە جێگاکەی بۆ ڕاخست.



سەری سورڕما کلاتێك بینی سەگێك دەرگاکەی
کردەوە، سەگەکە گوتی: “چیت دەوێ؟” نوزیبێلە
وەڵامی دایەوە: “من بزر بوومە و پێویستم بە
شوێنی خەوە.” سەگەکە گوتی: “وەرە ژوورەوە
دەنا دەتگەزم!” بۆیە نوزیبێلە چووە ژوورەوە.





دواتر سەگەکە گوتی: “خواردنم بۆ دروست بکە!”
نوزیبێلە گوتی: “من پێشتر هەرگیز خواردنم بۆ
سەگ دروست نەکردووە.” سەگەکە گوتی:
“خواردنم بۆ دروست بکە دەنا دەتگەزم!” بۆیە
نوزیبێلە هەندێ خواردنی بۆ سەگەکە ئامادە کرد.